بیدعەی حەسەنە

چییە ؟

ئەو وشەیەی لەلای مەلا بیدعەچـی وگومڕاکانەوە ڕەواجـی پێ
دەدرێت بـۆ برەودان بـە بیدعەکردن و داهێنانگردن لـەدیـنـدا

نووسەر:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

بسم الله الرحمن الرحيم

بیدعەی حەسەنە چییە ؟

ئەو وشەیەی لەلای مەلا بیدعەچی
وگومڕاکانەوە ڕەواجی پێ دەدرێت بۆ برەودان
بە بیدعەکردن وداهێنانگردن لەدین دا

نووسەر:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

١٤٤٧ هـ

بیدعەکـردن لەدیـندا بەوشتە دەوترێت :- کە کەسێکـ ڕێگایەکـ دادەنێت بەمەبەستی نزیکـ بونەوە لە الله تعالـی لەکاتـێکدا قورئان وسونەت ئەو ڕێگایە دانەنـراوە بۆ دینداری کـردن چونکـە قاعیدەیەکی شــەرع ـی هەیە (ئەصــڵ لەشەرع ـدا ئەوەیە هیچ جۆرە پەرستنێ ئەنجام نەدرێت ئەگەر لەقورئان وسونەت بەڵگەی لەسەر نەهاتبێت واتا هیچ پەرستنێ ناکـرێت بێ بوونی بەڵگەی شەرعی) بەڵام بۆکاروباری دونـیا (ئەصڵ وایە حەڵاڵە تـا بەڵگەیەکـ لەقورئان وسونەت یان ئیجماع یان قیاس هاتبێت بەحەرام کردنی)

ئەهلی بـیدەع کاروباری دونیا ودینیان تێکەڵ کردوە وادەزانن بۆیان هەیە بەناوی دیـنەوە یاسا دابنێن وبیکەن بەخێر وعیبادەت بۆخەڵکـی لەکاتـێکدا الله تعالی ورسولەکەی ﷺ ڕوونیان کردۆتەوە کەدیـن ـدانان تەنها مافی الله یە هیچ کەسـێ بۆی نیە شتێک بکات بەدین کەالله تعالی ئەوشتەی نەکردوە بەدین

بۆنمــونه فەرمانمان پێکراوه زیکری الله بکەین له سونەت ـدا بۆمان ڕونکراوەتەوه به سەره پەنجەکانمــان زیکر بکەین ئەهلی بــیدەع دێن دەڵێن بەتەسبیح زیکر بکەن ئەوەش خێره ئەمه پیی دەوترێ بیدعەی اضافی واته زیکرەکه لەشەرع ـدا ئەسڵی هەیه بەڵام ئەمان چۆنیەتیەکیان بۆزیاد کــردوه کەلەشەرع ـدا نەهاتوه

یان بۆنمونه ئاهەنگێڕان بەیـادی لەدایکبونی پێغەمبـەر ﷺ هیچ بەڵگەیەک لەقورئان وسونەت نەهاتوه ڕۆژی لەدایـکبونی پێغەمبەر ﷺ تایبەت بکات بۆ ئەهانگێڕان و شرینی بەخشین ..هتد

بەڵام دەبـینیت ئەهلی بیدەع ئاهەنگێڕانیان کردوه بــەدین وخێر لەکاتێکدا لەدین نەهاتوه ئەمه پێی دەوترێ بیدعه واتا ئەسڵی نیه لەشەرع ـدا مرۆڤ دایهێناوه خستویەتیه پاڵ دینەوه

ئایا لەدیندا هیچ بیدعەیەک هەیە ڕێگەپێدراو بێت وچاکە بێت ؟

وەڵام نەخێر / چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت (كلّ محدثة بدعة وكلّ بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار)[رواه النسائي في سننه: صلاة العيدين: باب كيف الخطبة]

هەموو نوێگەریەک داهێنراوە وهەموو داهێنراوێک گومڕاییە و هەموو گومڕاییەک بۆئاگرە .

فەرمووی هەمووی نەیفەرموو هەندێکی

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر وتاری دابوایە ئەیفەرموو (أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ، وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ..)[رواه مسلم (867)]

لەپاشان دا باشترین وتە كتاب ی الله یە وباشترین ڕێنمای ڕێنمای محمد ە ﷺ و خراپترینی كارەكان ئەو شتانەن بەناوی دینەوە دادەهێنرێن و هەموو بیدعەیەک گومڕاییە .

کەواتـا هەموو بیدعەیەکـ گومڕاییە بەدەق ـی فەرموودە

رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ڕوونی کــردۆتەوە کەداهێنان لەدین ـدا گومڕاییـە نەک لەدوونیـا وەک ئـەفەرمووێت : (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ) [رواه البخاري فتح رقم (2697)]

هەرکــەسێ شـتێ داهێنێت لەدیـــنەکەمان لەکاتێکدا لەدین نەهاتبێت ئەو کردەوەیە ڕەد ئـەکرێتەوە.

داهێنانی بیدعە و ناوبردنی بەبیدعەی باش تانەدان ـە لەوەی ئیسلام کامڵ نیـە پێویستی بەوە هەیە خۆمان شــتی بۆ زیاد بکەین.

قـال الله تعالى: { الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا } [المائدة/ 3]

واتا : ئەمڕۆ دینەکەتـانم بۆکامڵ کــردن و نیعمەتی خۆم ڕشــت بەسەرتاندا بەتەواوی وە ڕازیش بوم بەوەی ئیســلام دین وڕێبازتان بێت .

کەواتــا دین کامڵ بوە هەرکەسێ شـتێ بۆدین زیادبـکات ئەوە خۆی کردۆتە شەریــکی الله وشەرع ـی داناوە.

ئیمامـی الشاطبي ـدەفەرموێــت : (قال ابن الماجشون: سمعت مالكاً يقول: من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة، زعم أن محمداً ﷺ خان الرسالة، لأن الله يقول: {اليوم أكملت لكم دينكم} [المائدة: 3]، فما لم يكن يومئذ دينا، فلا يكون اليوم دينًا)[الاعتصام ت (ج1/ص64- 65)]

ابن مــاجشون دەفەرموێ بــیستم لەمالــک دەیفەرموو هەرکەسێ بیدعەیەکـ دابنێت و پێی وابێت بیدعەیەکی چاکــە ئەوە گومانی وایە محمــد ﷺ ناپاکی کردوە لەگەیاندنی دینی الله چونکە الله ـدەفەرموێت (ئەمڕۆ دینەکەم بۆکامڵ کردن)هەرشــتێ لەو ڕۆژەدا دین نەبوبێت ئەمڕۆ نابــێت بەدین.

ئیمـامـی شافعـی رحمه الله ـ دەفەرموویێت : من استحسن فقد شرع [المستصفى 247] هەرکـەسێ بڵێت ئەم بیدعەیە چـاکە ئەوە شەرع ـی داناوە شەرع ـدانان چیە ؟

الله ـ دەفەرموێت (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) [الشورى:٢١]

ئاخۆ ئـەوانە چەند هاوبەشێک بۆ الله دادەنێن بەوەی چەند یاساو بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن لە ئایین کە بە هیچ شێوەیەک الله مۆڵەتی نەدابن وشـتی وای نەفەرموە.

وەڵامـی گومانی ئەوانەی ئەڵێن ئیمام عـمر فەرمووی ئەمە بیدعەیەکـی باشە !

شـێخـی ئیـسلام ابن تیمیە ـ دەفەرموێـت : فالنبي ﷺ قد كانوا يصلون قيام رمضان على عهده جماعة وفرادى؛ وقد قال لهم في الليلة الثالثة، أو الرابعة لما اجتمعوا: (إنه لم يمنعني أن أخرج إليكم إلا كراهة أن تفرض عليكم ، فصلوا في بيوتكم ؛ فإن أفضل صلاة المرء في بيته ، إلا المكتوبة)

پێغەمــبەر ﷺ لەسەردەمەی خۆیدا نوێژی تەراویح یان دەکرد بەتاک وبەجەماعەت بەڵام لەشەوی سێهەم یان چوارەم کاتێ هاوەڵان کۆبــونەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی (ئــەوەی ڕێگری لێکــردم لەوەی بــێم بۆلاتان ئەوەبوو ترســام تەراویح بەجەماعەت ببێت بەفەرز لەســەرتان هەربۆیە لەماڵەکانتان نوێژبکەن چونکە باشترینی نوێژەکان ئەوەیە لەماڵ بکرێت جگە لەنوێژە فەرزەکان)

—فعلّه ﷺ عدم الخروج بخشية الافتراض ، فعلم بذلك أن المقتضي للخروج قائم ، وأنه لولا خوف الافتراض لخرج إليهم .

پێدەچــێت دەرنەچونــی پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژی تەڕاویح لەشەوی چوارەم بەدواوە لەترسی ئەوەبوبێت کە بەوهۆیەوە لەسەریان نەبێت بەفەرز کەواتــە ئەگەر ترسی فەرزبونەکە نەبــایە دەردەچوو بۆلایان

فلما كان في عهد عمر رضي الله عنه جمعهم على قارئ واحد ، وأسرج المسجد، فصارت هذه الهيئة ، وهي اجتماعهم في المسجد على إمام واحد ، مع الإسراج : عملا لم يكونوا يعملونه من قبل؛ فسمي بدعة؛ لأنه في اللغة يسمى بذلك ، ولم يكن بدعة شرعية ؛ لأن السنة اقتضت أنه عمل صالح ، لولا خوف الافتراض، وخوف الافتراض قد زال بموته ﷺ ، فانتفى المعارض)انتهى من [اقتضاء الصراط المستقيم" (2/ 95-97)]

بەڵام لەسەردەمی ئیمامی عمر دا هەموو نوێژ خوێنانی بۆنوێژی تەراویح کۆکردەوە لەپشت ئیمامێک وەک ئەمەی کەئێستا دەکرێت کۆبونەوەیان لەپشت ئیمامێ بۆنوێژی تەراویح ئیمام عمر ناوی ئەم کارەی برد بەوەی ئەمە بیدعەیەکی باشە چونکە لەزمانەوانیدا بەم کارە دەوترێ بیدعە بەڵام بیدعە نیە لەشەرع ـدا چونکە لەسونەت ـدا ئەم کارە بەکارێکی چاک ناوبراوە ئەگەر ترسی فەرزن بونەکەی نەبوایە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ

ترسی فەرز بونەکە نەما بۆیە کێشە نەما لەئەنجامدانی بەوشێوەیە .

کەواتە تەڕاویح کردن بەجەماعەت ئەسڵی هەبوە بەوشێوە بەڵام لەترسی ئەوەی وەحی دانەبەزێت بۆ فەرزکردن ـی پێغەمبەر ﷺ نەیکرد بەهاوەڵان بەڵام بەمردنی ئیتر وەح ـی دانابەزێت هەر بەسونەتی دەمێنێتەوە ناوبردنیشی بەبیدعە لەڕووی زمانەوانیەوەیە کە لەسەردەم پێغەمبەر ﷺ ئەنجام لەترسی فەرزنەبون هەموو مانگەکە ئەنجام نەدرا بەڵام بەلاچونی ئەوترسە هەموو مانگەکە بەوشێوە ئەنجام ـدرا بۆیە لەزمانەوانیدا پێی دەوترێ داهێنراو بەڵام لەشەرعدا سونەتە چونکە بەوشێوە ئەنجام ـدراوە .

ئـایا ئاهەنگێڕان بەیـادی لەدایـکبونی پێغەمبەر ﷺ وبەشـداری تێداکـردنی خێر وچاکەیـە ؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (إنـي قـدتركتـكم عـلى مثـل البيضـاء ليـلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدی إلا هالك) [أخرجه احمد]

بەڕاستی و بێ گومان من لەسەر ڕۆشناییەك ئێوەم جێ هێشتووە، شەوی وەك ڕۆژی وەهایە، هەرکەسێك دوای من لێی لابدات، بێگومان تیاچووە

—لەو دینەی رسول ﷺ بۆی جێهێشتوین ئاهەنگێڕانی تێدانیـە ئەوەی لەودینە لابات تیاچووە

پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی : (خيرُ الناس قَرْنِي، ثم الذين يَلُونَهُم، ثم الذين يَلُونَهُم)

واتە: باشترین سەردەم وسەدە سەردەم وسەدەی منە ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان .

جا لەو سێ سەدەیەدا کەس یادی ئاهەنگێڕان بە لەدایکبونی ﷺ نەکردۆتەوە کەواتە ئەم یادکردنەوەیە فەرمانی لەسەر نەهاتوە و وەرناگیرێت وڕەفز ئەکرێتەوە و دەبێت بەبیدعە وگومڕایی

—تەنانەت یەک ئایەتیش لەقورئانی پیرۆز و یەک فەرموودەش نەصەصیح و نەزەعیف لەو بارەیەوە نەهاتووە ولەهاوەڵانیشەوە نەهاتووە کاری وایان کردبێت .

—پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی ئەو یادەی نەکردۆتەوە ، و هیچ یەکێک لەهاوەڵان وخانەوادەکەشی کاری وایان نەکردووە .

—ئیمامی ئەبو بەکر دوو ساڵ حوکمی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە

—ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب دە ساڵ حوکمڕانی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا ئەو جیاکەرەوەی حەق وناحەق بوو و یەکێک بوو لەهەرە تێگەیشتوەکانی ئوممەت !

—ئیمامی عوسمانی کوڕی عەفان سیازدە ساڵ حوکمی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا مێردی دوو کچی پێغەمبەر ﷺ بوو و بەشەرمرینی ئوممەت بوو!

—ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب چوار ساڵ حوکمی کردو و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا مێردی فاتمەی کچی پێغەمبەر ﷺ بوو و ئامۆزای بوو!

—ئیمامی موعاویە کەنوسەری وەحی بوو ئەو یادەی نەکردەوە— حەسەن وحوسەی یادی لەدایک بوونی باپیریان نەکردەوە لەکاتێکدا سەرداری گەنجانی بەهەشتن !

—پێغەمبەری ﷺ وەفاتی کرد ، و ژمارەی هاوەڵان زیاتر بوو لەدوو سەد هەزار و کەسیان ئەو یادەیان نەکردەوە !

—تابیعیەکان لەدوای ئەوان ئەو یادەیان نەکردەوە !

—چوار ئیمامە بەڕێزەکە: (أبو حنيفة ومالك والشافعي وأحمد) ئەو یادەیان نەکردەوە !

کــەواتــا ئـەبێ ئەوە بزانین ئەم یــادە لەلایەن فاطـمیە ڕافیزەکانەوە داهێنرا و ئەوان ئەم بیدعەیان دروست کرد جا هەرکەسێ واز لەقورئان وسونەت وصحابە وتابعین دەهێنێت شوێن ڕافیزە وفاطــمیەکان دەکەوێت ئاوا دۆزەخ ـی لێ پیرۆزبێت.

وەڵامی گومانی ئەوانەی ئەڵێن تەسبیح بەکارهێنان جاییزە و بیدعە نیە چـــوونکە ئیمام ابن تیمیە بە جاییزی ئەزانێت لە بەکارهێنانی!

وە بەڵگەشیان ئەم فەرموودەیە : حديث صفية قالت: دخل علي رسول الله صلى الله عليه وسلم وبين يدي أربعة آلاف نواة أسبح بها، فقال: " لقد سبحت بهذا! ألا أعلمك بأكثر مما سبحت به؟ فقالت: علمني. فقال :" قولي سبحان الله عدد خلقه ..." [رواه الترمذي]

له سەفییەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ هاتە لام و لەبەردەممدا چوار هەزار ناوکە خورما هەبوو کە زیکرم پێ دەکردن، فەرمووی: «بەم هەمووە زیکرت کردووە! ئایا شتێکت فێر نەکەم کە لەوە زیاتر بێت کە پێی گەڕاویت (زیکرت پێ کردووە)؟» گوتی: فێرم بکە. فەرمووی: «بڵێ: (سبحان الله عدد خلقه).

له وەڵامیدا ئەڵێین : ئەو فەرموودەی هاتوە لەبارەی جائیزبونی زیکر بەبەردی بچوک یان ناوەکە خورما سەحیح نیە بەدوو ڕیوایەت هاتوە هەردووکی ضعیف ـە ئەم ڕیوایەتە هاشم بن سعيد الكوفي، أبو حاتم فەرمویەتی ضعيف الحديث [تهذيب التهذيب" (11/17)]

پاشـــان ابن تيميه خیلافی زانایان نەقڵ ئەکات ئەفەرموێت لـــەزانایان بـــەباشیان داناوە و هەنێکیش بـــەخراپیان داناوە وە

ابن تیمیه خۆی ئەو بۆچونە پەسەند ئەکات کەجائیزە بەڵام نەیپێکاوە چونکە زانایـان قسەیان نابێت بەبەڵگە بەڵکو ئەبێت بەڵگەی هەبێت زیکری الله تعالی عیبادەتە بۆچۆنیەتی کردنی هەرعیبادەتێ ئەبێت بەڵگەت هەبێت کەپێغەمبەر ﷺ بەوشێوە کردبێتی گەر بەڵگەت نەبوو لەسەر ئەوشێوازە عیبادەتە بەو جۆرە ئەوا بیدعەیە وقبوڵ نیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (مَن أَحدَثَ فِي أَمرِنَا هَذَا مَا لَيسَ فِيهِ فَهوَ رَدٌّ) [رواه البخاري فتح رقم (2697)] هەرکـەسێ شـتێ داهێنێت لەدیـــنەکەمان لەکاتێکدا لەدین نەهاتبێت ئەو کردەوەیە ڕەد ئـەکرێتەوە.

ابن مسعود چوە سـەر کۆمەڵێ لەوکۆمەڵانەی ناومزگەوت بەبەرد ژماردن زیکری الله یان کرد ولەسەریـان ڕاوەستا وپێیانی فەرموو ئەمــە چی دەکەن؟

وتیان ئەی باوکی عبــدالرحمن بەردە الله اکبرِ و سبحان الله ولااله الاالله ـی پێدەژمێرین

ابن مسعود پێیانی فەرمــوو : ئێوە خراپەکـانتان بژمێرن من زەمانەتی ئەوەدەکەم چاکەکانتان نافەوتێ (کەواتا قەدەغەی شێوازە عیبادەتەی لێکردن کەژماردنی زیکرەکانیان بوو بەبەرد)

پێی فەرموون

هــاوار بـــۆ ئێوە ئومەتـــی محمد چەند خـــێرا تیاچوون ئەوەتـا هێشتا هاوەڵانی پێغـەمبەر ﷺ ماون لەناوتاندا ئەوە جلەکانی پێغەمبەر ﷺ هێشتا نەڕزیوە قاپ وقاچەغەکانی نەشکاوە ســا سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە یان ئەوەیە ئێوە لەسەر ڕێگایەکی باشترن لەڕێــگەی پێغەمبەر ﷺ یـان ئەوەیە دەرگای گومڕایی بەڕووی ئومەت دەکەنەوە

وتیــان ئەی ابو عبدالرحمن بەالله نیەتمان تەنها خـــێرە

ابن مســعود لەوەڵامیـاندا فەرمووی

چەندان کەس هەیە نیەتی خێرە بەڵام پێی ناگـات

پێغەمــبەر ﷺ پێیمانی فەرموو گەلێک پـەیدا دەبن قورئان دەخوێنن لەگەروویان تێناپەڕێ والله لەوانەیە زۆربەی ئەوگەلە لەئێوە بــن پاشان ابن مسعود ڕۆشت.

الحمد لله رب العالمين

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ